به یادی

# دوکتۆر قاسملوو

# گەورە پیاوی ڕۆژە سەختەکان



ڕەحیم ڕەشیدی _ سوئێد
rahimrashidi@yahoo.com

١٥ ساڵ چەند قورس تێدەپەڕیٚ و تاقەتی مرۆڤـ و خۆڕاگری وی بۆ ڕاوەستان لە ئاست دژوارییەکان دا و مانەوەی بۆ لە بیر نەکردنی تاڵی‌یەکان چەن قورس وقایمە . ڕەنگە ئەمە هەنگاوێك بیٚ بۆ پاشەوە کە مرۆڤ لە بازنەی ئەندێشەکانی خۆی دا پاش پازدە ساڵێش هەرچاوەڕوانی گەڕانەوەی ئازیز بکا و لە گەڵ تروسکەی بەیانیەك قیت وقنج هەڵسێتە سەر پیٚو بە ئارامی و لە سەر خۆ بڵیٚ: ئەم کاتەت باش.

وا بیر دەکەمەوە کە ڕاوەستان ڕێك لەم خاڵەوە دەست پیٚ دەکا و گەلێك جاریش لەم ڕاوەستانەدا ڕابردوویەك لە دایك دەبێتەوە کە ئێمە لەترسی لە دەست دانی، دایم دووپاتی دەکەینەوە و لەم سۆنگەیەوە بۆ چواردەوری خۆمان دەڕوانین و ڕەنگە لێرەدا ئیدی خەونەکانیش هەر بەگومانەوە لەدایك بن. گومانێك هەرگیز ناهێڵیٚ ئێمە لە ناخی خۆمان دا ئۆقرەبگریین و ئاسودە بین. گومان لای نەتەوەی مە ئەوەنە دەمە زەرد کراوەتەوە کە بلیمەتەکانیشمان هێندێك جارناتوانن لە گومان خۆ ببوێرن. دەکریٚ گومان لە پانتایی خۆیدا جەوهەری گۆران بیٚ گۆڕانێك کە قەڵایەك لە قەتیس مانەوە بەرەو جوڵە سازبدا وەك ئەو مەلەوانەی کە خۆی لە گۆلێکی ئارام داویٚ و دەیشڵەژێنیٚ و گیان بەبەر بوونی ون بووی گۆل دا دەکا و واقیعێك دەخولقێنیٚ کە بەرهەمی گومانە. دەکریٚ بە ئاراستەیەکی دیکە دا بڵێین مەلەوان بوونی ڕاستەقینە خۆی لە شڵەژانی گۆل دا دەبینێتەوە و بەدەم شەپۆلەکان و شڵپ وهۆڕەکانەوە هەست بە واقیعی بوونی خۆی دەکا.

سەیرە زۆر جار مەلەوانەکان بۆ ئەوەی گیان بەبەر شەپۆلەکان دا بکەنەوە چەن ساکار دەبنە قوربانی گومان و چەن سادە لە بوونێکی واقعییەوە ئارام ئارام دەچنە ناخی بێدەنگی‌یەکی کوشندەوە کە بۆ ئێمە تەنها چاوەڕوانی بەرهەم دێنێتەوە. چاوەڕوانی گۆڕانی زەمەن و گۆڕانی تەعبیرێکی نویٚ بۆ خەونەکان دەرباز بوون لە قۆتاغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە. ئەمە مەترسی‌یەکی کوشندەیە کە ئاوڕ لە وزە و تواناکانی خۆمان نەدەینەوە و بەردەوام خۆمان لە سەر پرۆسەی چاوەڕوانی بهێڵینەوە.

دوکتۆر قاسملوو ١٥ ساڵ بەر لە ئیستا خاك، نیشتمان، نەتەوە، مرۆڤ، خۆشەویستیی و تەنانەت تیرۆریزم و توندو تیژی و زۆر چەمك وبابەت گەلی دیکەی بۆمە پێناسە کرد. هەنگاوەکانی قاسملوو کە بۆ ژووری دیالۆگ هاویشتنی، جیا لەوەی باوەڕ بەخۆبوونێکی قووڵ و شوێن دانەر لە ناخی ئەودا بە ئێمە نیشان دەدا، لە هەمان حاڵ دا دەمانهێنێتە سەر ئەو ڕاستییەی کە قاسملوو هەرگیز لە دەروازەی گومانەوە بۆ دیالۆگ هەنگاوی نەنا. ئەو لە لایەك باوەڕی بە گۆڕان هەیەو دەخوازیٚ بۆ گۆڕان هەنگاو بنیٚ و لە هەنگاوە کانیشی دا مرۆڤ وەکوو بونەوەرێك هەمیشە لای پیرۆز بووە. ئەمە ئەوە ناگەیەنیٚ کە قاسملوو لە دڵ ڕەشی هێزی بەرامبەری تێنەگەیشتووە. بەڵکوو خوێندنەوەیەکی لۆژیکی ئەوە دەر دەخا کە قاسملوو لەو باوەڕەوە کە دەکاریٚ گۆڕانێك بەرەو باشتر بوون بخولقێنیٚ خزایە نێو ژوورە بێدەنگەکانی دیالۆگەوە. ئەمە بە هیچ جۆر نابیٚ ئەو گومانەمان لادروست بکا کە قاسملوو بە هەڵەدا چوو، قاسملوو بەم هەنگاوە دوو باوەڕی گرنگی بۆ جیٚ هێشتین. یەکەم: بۆ ئەوەی گومانەکان لە زەمەنی خەونەوە بۆ دونیای واقیع بگوازینەوە دەبیٚ پرۆسەی چاوە ڕوانی وەلابنێین و بەردەوام ئەوباوەڕەمان تێدا دروست بیٚ کە بۆ گۆڕان هەنگاونان پێویستە، هەنگاوێك کە لە سەر بنەمای پیرۆزی مرۆڤ بۆ پێشەوە بهاویژریٚ. خاڵێکی دیکە کە قاسملوو بۆمانی کردۆتە کلتوور ئەوەیە کە ئێمە دەتوانین لە سەر لایەنی بەرانبەری خۆمان شوێن دابنێین و وەکوو پێویست گۆڕانکاری تێدا دروست بکەین. بەڵاٚم دەبیٚ بۆ سازدانی ئەم پرۆسەیە ئارم هێدی و لە سەر خۆبین و مرۆڤەکان لەدەرەوەی نەریتی کەرەستە ببینین، ئەوانەی هاتن و قاسملوویان داییە بەر ڕێژنەی گوللە و کاك عەبدوالله شیان لەگەڵ وی‌دا لە ئێمە ئەستاند مرۆڤ بەمانایی ڕاستەقینەی خۆیان نەبوون، ئەوان کەرەستە بوون ئەم کەرەستانە ڕەنگە خەمیش دایان گریٚ و تووڕەش بن و بەگژی خۆیان دا بچنەوە، کەواتە ئاسایی‌یە بڵێین ئەوانیش بەئاراستەیەکی جیاوازدا قوربانین، قوربانی سیستەم و ئایدۆلۆژی‌یەکن کە دەیان هەویٚ یەك ڕەنگ و یەك بۆن و یەك پێناسە بە مرۆڤەکان ببەخشن لە حالێك دا قوربانیانی ئێمەو ئێمەی هەڵگری باوەڕەکانیان پێدادەگرین کە دەکریٚ لە سەر بنەمای لێك نەچوونەکانیش پێکەوە ئارامی بخولقێنین.

١٥ ساڵ تێدەپەڕیٚ وئێمە بە خوێندنەوەی هەر ڕۆژەی مامۆستاو ڕێبەری بەتوانامان قووڵتر تێدەگەین کە مرۆڤ پیرۆزەو هەموو باوەڕ و کەرەستەو ئایدۆلۆژیایەك دەبیٚ لە خزمەتی ئینسان و بۆ ئینسان بیٚ. ئێمە ناخوازین بە خوێن گۆڕان پێك بێنین. ئێمە بیر لە خۆشەویستی دەکەینەوە هەر بە خۆشەویستیش باوەش بۆ ئازادی دەکەینەوە و هەر لەم ڕەهەندەش دا دەتوانیین بوونی خۆمان وەکوو واقیعێك هەست پێبکەین با لەبیرمان نەچێت ئەگەر قاسملوو لە زەمەنێکی ئاڵۆزدا بۆ دیالۆگ هەنگاوی نا ئامانجی سەرەکی ئەوە بوو کە نەگەینە دۆخی چاوەڕوانی و لە خەیاڵی ڕێژنەی‌بارانی ڕەحمەت دا بۆی بنویین...... .